# عەشق پرۆسەیەك بۆ جەلادبوون

توانا ئەمین

**هەر کەسێ چەند جەلاد بێ هێندە دەتوانێ عاشق بێ , جەلادو عاشق جمکانەن**

لەقەسیدەیەکی ئیبراهیم ناو دەشتی‌یەوە

زۆر جار ئەفسانە گێڕانەوە و قسە کردنە لە حەقیقەتێکی قورس , کەتاك زاتی ئەوە ناکات خۆبەخۆ ئەو حەقیقەتە بلێ , ئەفسانەی ئادەم و حەوا ئەفسانەیەکی فرە ڕەهەندە کە دیاردەکانی هاتنە بوون (دروست بوون) عەشق, ژیان کردن , دوا جار مەرگ هەڵدەگرێ , لە درێژتربوونەوەی ئەو چیرۆکەدا قابیل و هابیل وەك دوو کاراکتەری ڕاستەقینە دێنە سەر ئەو شانۆیە تا بەمن و تۆی بینەر ژیان مەرگ (تەواوبوون) بناسێنن , درێژبوونەوەی ئەفسانەکە بۆ کۆتاییەکی پڕسەر سوڕمان گەڕانی قابیلە بە دوی میکانیزمێك تا لەڕێیەوە جەستەی کوژراو و خوێناوی هابیلی بۆ ئەبەد تیا وون بکات .

خاڵی قسەکردنی ئێمە دۆزینەوەی پەیوەندی‌نیوان عەشق وکوشتنە هە ڵبەتە نابێ یادمان بچێت لەم گێڕانە وەیەدا ئێمە پشت بەوریوایەتە دەبەستین کەپێك هەڵپڕژان وشەری نێوان قابیل وهابیل دەگێڕێتەوە بۆعاشق بوونی‌هەردووکیان بەخووشکەکەیان بۆشرۆڤەکردنی وەها ڕوداویك(کوشتن بەخاتری عەشق)کەبەردەوام گرەنتی دووبارەبونەوەی‌هەیە, دەبی بگەڕێینەوە بۆشوناسی‌عەشق ,بۆزەروریەتی عەشق , عەشق بەرهەمی قۆناغێکی فیکری یان زادەی گۆڕانیکی‌کۆمەڵایەتی نییە,سروشتی عەسق وایە لەپرۆسیەکردن دا پێویستی بەکاراکتەرێکە , ئەم پێویستی‌یە پێشمەرجێکی ئەنتۆنۆلۆژی تەواو دەکات کەبونە لەگەڵ ئەوانی تردا . کەواتە بەهاتنی کاراکتەری بەرامبەر عەشق دەست پێ دەکات . لەئەفسانەکەدا تائەواتە حەوا دروست نەبووە ژیانی ئادەم تەواو ئارامە وەك هەر ژیانێکی تر شایەنی نوسینەوە نیە . وەختێك حەوایان پاشتر کچەکەی دێتەبوون لێرەوە چیرۆکێکی تراژیدی خۆی دەنوسێتەوە و شتیك دێتە ئاراوە کە هەمووومان کۆکین لەسەر ئەوەی ناوی بنێین عەشق, ئەم خوێندنەوەیە ناچار بەوەمان دەکات بڵێین عەشق لەحەواوە تادەگاتە دواهەمین کچ کەئێستا لەدایك بووە حزوری هەیە بەردەوام دەبێ , لەوێوە کۆتایی ژیان دەست پێدەکات کە ئەم دیاردەیە دەکەوێتە بەرمەترسی , عەشق بیتاقەی زەمانی هەتا لێدانی کەڕەنای اسرافیلی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. عەشق بەتەنها بابەتی بەردەستی مرۆڤە کە لەهەموفۆرمێکی بەرژەوەندی خاڵییە ئەگەر بەرژەوەندی لەعەشقدا هەبێ , ئەوا زمان ناچارە لەبری چەمکی بەرژەوەندی ئەلتەرناتیڤێکی تر بدۆزێتەوە , بەرژەوەندی چەمکێکی (من) گەرایی ئەو نەزمانەیە کە دنیای ناشرینی دەرەوە بەرێوە دەبەن , بەرژەوەندی لەفەرهەنگی ڕۆحانیا جێی نابێتەوە . پرسیارەهایەکی وەك ئەوەی ئایا عەشق پێداویستییەکی غەریزی و فیسیۆلۆژییە ؟ عەشق تاچەند پرۆسەیەکی عەقلانییە ؟عەشق خەونێکە خۆنەویستانە دەبێ ببینین و شەڕێکە مەحکومین بەوەی بیکەین ؟ عەشق پڕکردنەوەی بۆشاییە ڕۆحیەکان وهاوسەنگ کردنی هاوکێشەکانی سروشتە ؟ عەشق دۆزینەوەی گەڕانە بەدوای خود دا ؟

هەڵبەتە دەیان پرسیاری تریش بخەینە سەر ئەم تێکستە هێشتا هەژارترین لەوەی پێناسێکی ستاندراد بۆ عەشق داڕێژین , چونکە لەدواجاردا پرۆسیسە کردنی خودی عەشق پێناسەکانی ئێمە دەسپێرێتە دەریاو پێمان دەڵێت زمان لەئاست عەشق دا کلۆڵترە لەوەی وەسف بکات . عەشق نانوسرێتەوە عەشق شتێکە دەبێ بیبینی .

لـەوەها پرۆسـەیەکی تـەم و مـژاوی وەك عەشـقدا دووهـۆ پانتاییـەك داگیردەکـەن و لـەو هاوکێشـەی جـەلادو قوربانیمان دەنێن و دەمانگەیننە ئەنجامێکی وەك مەرگ .

یەکەم خەون :خەون کیمیایانە کارلێك لەگەڵ هەر دیاریدەیەکی تری ئەم ژیانە دەکات , وەلیٚ ئەم پەیوەندییەی خەون لەگەڵ عەشق هێندە قژقژە کە بەئاسانی ناتوانین سنورەکانیان دیاری بکەن , زۆرمان نەوتووە ئەگەربلێین دواجار خودی عەشقیش خەونێکەو هیچی تر . ئەگەر خەون لەعەشق دابماڵرێت ئەوا (عەشق بوون )ی خۆی لەدەست دەدات , ئەوکاتەعەشقیش دەچێتە چوار چێوەی پەیوەندییە ڕواڵەت گەراییەکانی تری ژیانەوە , جیاواز لەمانەش عەشق تا ئەو پنتە جوانە کە واقیع نییە , تائەویا جوانە کە کوڕو کچێك لە ژوانێکدا یەکتر پڕلەخەون دەکەن چونکە نابێت بیرمان بچێت هەموو خەونیٚ لەواقیع بونیا دەست بەرداری جوانی (ستاتیکای خەونەکە) دەبێت .

دووەم بەهیخۆ زانین :بەشێوەیەکی گشتی عەشق ویستێکی تەمەلوکانەیە کەسی عاشق تەنیا جەستەوخەون نا , بەڵکو هەمووشتێکی مەعشوقەکەی بەهی خۆی دەزانێت , کەم نین ئەو چیرۆکانەی بەهۆی فڕاندنی ڕەفتەیەك تەوقەی کچێەکەوە دووعەشیرەتی داوە بەیەکدا , تەوقە , مەتاتێك سیمبۆلە بەخودی خۆی کچەکە , فڕاندنی لەچکێك واتە فڕاندنی کچەکە , فڕاندنی کچەکە واتە فڕاندنی شتێك کە هی منە , عاشق لێرەوە هەست بەمەترسی لەدەست دانی مەعشوقەکەی دەکات هەست دەکات کەسێك هاتووە هەم خەونەکەی داگیر ئەکات هەم شتێکی لێدەسەنیٚ کەهی خۆیەتی , خۆئەگەر ئەو کەسە (ئەو کلتورە) دانوستان قبوڵ نەکات و بیٚ مەرج ئەو شتەی نەداتەوە کە هی خۆیەتی بیٚیەك ودووبۆی لەسەنگ دەچێت. منی عاشق شەڕێك دەکەم کە بەهەموو پێشهاتەکانیەوە قبوڵمە ئەگەر مەرگیش بێت , ئەو جەنگە لای عاشق شەرافەت مەندترین جەنگە بەئەستورترین رقەوە,شەری قابیل وهابیل شەڕکردنە بەهەمان میتۆد سەیر لەوەدایە کە شەڕی عشق وەك شەڕی شتەکانی تر تیۆر و یاساکانی جەنگ نایگرێتەوە , لەکورترین نمونەدا مەرج نییە لەشەڕی عەشق دالایەنی بەهێز بیباتەوە (چونکە لەعەشق دا لایەنی بەهێز ئەوەیە کەزۆر قوڵ خۆشەویستنی هەیە واتە تواناى قوربانی دانی یەکجار زۆرە .)

زۆر جار ئەو حیکایەتانەی زیندانمان بۆ دەگێڕنەوە کە ژنەهایەك هەن بەهۆی پەیوەندییەکی دۆست دارییەوە پیاوێکی تریان خۆش ویستووە و دواتر مێردەکانی خۆیان کووشتووەو زیندە بەچاڵیان کردوون , لەڕاستیدا ئەم ژنانە لەیەکاتدا جەلادو عاشقن , ئەم کارانە چەند نالۆژێکی و ناعەقلانی و تەنانەت نائینسانیش بن بەلاٚم عاشقانەن , ئەمەش وەلاٚم دەدات بەپرسیارێکمان کە لەسەرەتادا بەمەبەستی دۆزینەوەی پێناسێك بۆ عەشق کردنمان وئێستا گەیشتین بەو بەرسڤەی کە بەلیٚ عەشق پرۆسەیەکی تەواو ناعەقلانیە و لێرەوە ترسناکی دەست پێدەکات , لەڕاستیدا دەبیٚ ئێمە ئەوە بزانین لەگەڵ پرۆسەیەکی ترسناکی وەك عەشقدا چۆن مامەڵە دەکەین .

من لام وایە هەر شکستێکی ئێمە لەسەر هێلێك لەیادەوەریماندا نەخش دەبێت , بەلاٚم شکستی خەون پانترین و درێژترین هێڵ دروست ئەکات کە ئیش کردن لەسەر لەیادکردنی ئەم شکستە ئیش کردنە لەسەر مەحاڵە ,ڕەنگە بازرگانێك دوای نابوت بونی یان دەست گرتن بەسەر سەروەت و سامانەکەیدا بتوانیٚئیش بکاتەوە بۆ پێکەوەنانی ماڵەکەی , یان سۆزانییەك لەڕێی ئیرادەی هێزەوە بتوانیٚ ئەو جەستە داگیر کراوەی خۆی کۆنترۆڵ بکاتەوە بگەڕێتەوە نێو ژیانی ئاسایی , لەم بارانەشدا هێزی بیر چونەوە ڕۆڵێکی کارای هەیەو بەردەوام لەدوای هەر بەربەست و کەوتن و شکستێکەوە ئامادەی هەیە بۆ ئەوەی بەردەوامی بەمرۆڤ بدات , هێزی بیرچونەوە پرە

لەوزەی ژیان وەڵێ ئەم هێزە گەورە و گەردوونیە لەئاست شکستی خەون (شکستی عەشق) دا پیرە پیاوێکی داماوە .

کاتێك خەون لەمرۆڤێك داگیر دەکەین واتە لەڕاستیدا مرۆڤەکەمان لەپەل و پۆ خستوە (بوون) یمان خستۆتە بەر هەڕەشە , هەموو (بوون) ێکی ئەم گەردونەش لەململانێیەکی گەورە دایە بۆمانەوەی لێرەوە دەشێ هەرشتێکی چاوەڕواننە کراو لەم (بوون)ە چاوەڕێ بکەین , ئێستاتێگەیشتین کە ئێمە خۆمان دەستمان هەیە لەپەروەروەردە کردنی جەلادێکدا وەختێك هەوڵی داگیر کردنی خەونی مرۆڤێك دەدەین , ئەمە بەتەنیشت ئەوەوە کە ئەسڵی پرۆسەکە(عەشق) سروشتێکی زەبرو زەنگاوی هەیە .

وەختێك سارتەر دەڵێ : (ئەوانی تر دۆزەخن) . لەڕاستیدا نەیویستووە برا لە برا بکات بەدوژمن و خۆشەویستی نێوان ئینسانەکان بکوژێت بەڵکو ئەو ئیکتیشافێکی گەورە و گەردونی کردووە بەو ئامانجە گەیشت کە هەمووبونێك هەڕەشەیە لەبەردەم بونێکی تر دابونێکی تر واتە هەڕەشەیە لەبەردەم بوونی مندا بوونێکی تر واتە تەسك کردنەوەی مەودایەکی بەرین لە خەونەکانی من , کاتێك لە عەشق دا بوونێکی تر دێت ئیتر تۆ لەبەردەم دوالێزمەی لەناو چوون و لەیادچوونەوە دای , ئەم دوو ڕێیانی مەرگە وەختێك تێدەپەڕێنێت کەتولەڕێی سێهەم بدۆزێتەوە ئەویش ڕێگای سڕینەوەی (ئەوی‌تر) ە , لەواقعی , لەژیانی , لەخەیاڵی (ئەو) دا و ئەو ئەوەی کەپێشتر هی من بووە , هەڵبەتە هەڵبژاردنی ئەم ڕێگایە سەخت ترینیانە و پێویستی بەقوربانی و بەخشینێکی زۆر هەیە , کەبونی هێزی بەخشین جارێکی تر جەخت لەسەر عاشق بوونی تۆ دەکاتەوە , چونکە ئەریك فرۆم پێی وایە لە کورترین پێناسەدا عەشق هیچ شتێك نییە جگە لەتوانای بەخشین .

جارێکی تر دەگەڕێنەوە سەر ئەفسانەکە , وەختێك قابیل ئەم شەڕە دەباتەوە هابیلی برای دەکوژێت ئیتر ئەمە دواخاڵی ئاسودەگی قابیل نییە , ئەو دەبێت ئەم جەستە کوژراو و خوێناویە بسڕێتەوە , ون و فەنادی بکات نەك بەخاتری ئەو دەیشارێتەوەکە برایەتی, ئەوە ئەو ڕقە هێجگار گەورەو وەحشیانەیەی قابیلە کەدەخوازێت ئەم جەستەیە بەکوژراویش لەدونیا بکاتە دەرەوە , دەبێ لێرەوە ئێمە ئەوە بزانین ئەگەر مردوو ناشتن لەقابیلەوە فێربوین ئەوا شاردنەوەی مردوو بێ حورمەتی کردنە بە خودی مردووەکە نەك ڕێز گرتنی , وەختێك لەگۆری دەنێن ئیتر پێ ی دەڵێین تۆدەبێ لەشوێنێکی نزم تر لە ئێمەوە سەیری شتەکان بکەیت. وەختێك دایدەپۆشین دەمانەوێت پێی بڵێن ئیتر چاوی تۆ نابێت بەهیچ گەردنێکدا بڕوانێ, ئیدی تەواو لێوی تۆ نابێت جارێکی تر تامی ماچ بکات ,تەواو دەستی تۆ لەوە کورت ترە بهێڵین بگاتە هیچ پرچێك .ئەمە هەموو ئەوخۆ داواندنانەی ناو نەستی قابیلە وەختێك سەرقاڵی شاردنەوەی جەستەی هابیلی برایەتی.

ئێستا ئەگەر ئێمە بکەنە نوسەری ئەم سیناریۆیە و بمانخەنە پێش ڕوودانی کوشتنەکەی هابیل و تکامان لێبکەن سیناریوکە تەواو بکەین بێ ئەوەی هابیل بکوژین , من لام وایە لەوکاتەدا ئەم سیناریۆیە ناتەواوترین سیناریۆی ئەم گەردوونە دەبێت ناکرێت هابیل هەڵدەین بۆ تاراوگە,کێ گرەنتی نەگەڕانەوەی (هابیل ) ێك دەگات ؟ناکرێ هیچشتێکی تر لە هابیل بکرێ جگە لەکوشتن و سڕینەوەی. چونکە ئەو (هابیل) ئەوکاتەی هاتە ناو ئەم یارییە جەهەنمییەوە ئەو کاتە ئیمزای لەسەر کوشتنی خۆی کرد .

قابیل هابیلی نەکوشت بۆ ئەوەی مەعشوقەکەی پێی بڵێت " تۆ ئازاترین پیاوی دونیایت , ئیتر من هی تۆم " نەخێر قابیل دەیزانی کە عەشق کوێرە, عەشق ئازاو ترسنۆك مەردونامەردو نافامێ مادام قەدەری ئەمیش عاشق بوونە , کەواتە قەدەریشی بوو کەببێتە پیاوێکی جەلاد لێرەوە دەبێ ئەو قەناعەتە گەمژەو ساویاکەییە تێ

**پەڕێنین کە پێمان وابێ عەشق هەڵگری گۆتارێکی ژیان دۆستییە بەتەنیا , لە ڕاستیدا عەشق خەتەرترین دیاردەی ئەم گەردوونەیە کە دەبێ هەوڵی بەدەست هێنانی (مەعریفەی مامەڵەکردنی) بدەین .**